# بەرەو چەپێکی ئازادیخواز و پێشکەوتنخواز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

-گفتوگۆ لەگەڵ جیلبێر ئەشقەر-

وەرگێڕانی: شاڵاو خالید

ئەم گفتوگۆیەی خوارەوە، لە چوارچێوەی مەلەفێکدایە کە گۆڤاری ئەلیکترۆنیی (الجمهورية)-ی سوری ئامادەی کردووە بە ناونیشانی " چەپ و پرسی ئازادی" ، تیایدا ئاوڕ لە کۆمەڵێک پرسی پەیوەست بە چەپ و ڕۆڵی چەپ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕووداوەکانی دراوەتەوە، ئەوەی خوارەوەش بەشداریکردنی جیلبێر ئەشقەرە لە مەلەفەکەدا . جیلبێر ئەشقەر Gilbert Achcar - ، ئەکادیمییەکی سۆسیالیستی لوبنانیە، لە ساڵی ١٩٥١ز لە دایکبووە و تاوەکو ئێستاش مامۆستای زانکۆیە لە لوبنان، توێژینەوەکانی لەبارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا و دیاردەی ئیسلامیزم .. هتد. دیارترین کتێبیشی (عەرەب و هۆلۆکۆست) ە کە لە ساڵی ٢٠١٠ز بڵاوبووەوە. چەپی نوێی کوردی، پێویستی بە ئاگاداربوونە لە چەپی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تێگەیشتن لە ڕوانگە کۆنکرێتییەکانی. چەپی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە قەیرانی تایبەتیی خۆیدایە و چارەنووسیشی پابەندە بە یەکترەوە. چەپی کوردستان وەك بەشێك لە چەپی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێویستی بە تێگەیشتنە لە پێکهاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژووی خۆی و پاشان کۆنکرێتیکردنەوەی مارکسیزم بۆ کۆمەڵگا. لێرەوە، بۆچوونی چەپی ناوچەکە، کەمتازۆر بەرچاوڕوونیی تیایە بۆ چەپی کوردییش. (**وەرگێڕ**).

**- چۆن پێناسەی "چەپ " و " سیاسەتی چەپگەرا" دەکەیت؟ توخمە تیۆرییە سەرەکییەکانی سیاسەتی چەپگەرا چین؟**

* باشە، لێمگەڕێ دەڵێم سیاسەتی " پێشکەوتنخواز" - لێرەدا زاراوەی پێشکەوتنخواز لە بری چەپگەرا بەکاردەهێنم – ئەگەر بەشێوەیەکی درووست تێیبگەین، ئەوەیە کە بەرگری لە هەموو ئەو بەهایانە دەکات کە هەر لە شۆڕشەکانی سەدەی هەژدەوە بە مۆدێرنە و پێشکەوتنی مێژوویی ناسراوە، لەگەڵ جەختکردنەوەیەکی تایبەت لەسەر بەها جەوهەرییەکان کە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانیيە. لە بەرئەوە، پێناسەی سیاسەتی پێشکەوتنخواز یان سیاسەتی چەپ دەکەم بەوەی هەر سیاسەتێکە کە بەڕاستی تێدەکۆشێت بۆ سیستەمێکی تەواو بۆ ئەم بەهایانە.

**- ئەی چی [دەڵێیت] لەبارەی سیاسەتی چەپگەرا یان سیاسەتی پێشکەوتخواز -وەك ئەوەی ناوتنا- لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟ چۆن دەتوانین بەگوێرەی ئەو بەهایانەی ئاماژەت بۆ کرد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقادا دووبارە چەپ درووستبکەینەوە؟**

* من ئەو تێڕوانینە ڕەتدەکەمەوە کە دەڵێت ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست یان مسوڵمانان دەبێت بەهاگەلێکی جیاوازیان هەبێت. ئەو بەهایانەی کە ئاماژەم بۆ کردن بەهاگەلێك و مافێکی مرۆیی گەردوونیین کە پێویستە لە هەموو شوێنێك بەرگرییان لێ بکرێت. ئەو بەهایانەش بەڕاستی جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت لەخۆدەگرێت: ئازادی و دیموکراسی پێویستیان بەم جیاکردنەوە هەیە، چونکە دەوڵەتێك لەسەر دین وەستابێت، یان دەوڵەتێك بانگەشەی ئیلهاموەرگرتن لە دەقە پیرۆزەکان بکات؛ ناکرێت دەوڵەتێکی ئازاد و دیموکرات بێت، بەوەی کە دامەزراوە ئایینیەکان لێکدانەوەکانی خۆیان بۆ شەریعەی خودا دەسەپێنن لەبری ئەو یاسا دیموکراتییانەی کە مرۆڤ دایدەنێت. هەروەها بابەتگەلێکی زۆری ئازادیخوازی پەیوەست بە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت هەیە، یەکێکیان بریتیە لە ئازادبوونی ژنان، کە پێکهێنەرێکی بنچینەیی هەموو پرۆگرامێکی پێشکەوتنخوازی ڕاستەقینەیە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ئاوارتە(ئیستیسنا) نیە. بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەمە یەکێکە لە گرنگترین کارەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە ناوچەکە لەم لایەنەوە زۆر دواکەوتووە. ئێمە لە پرسەکانی ئازادبوونی ژن دا لە زۆرینەی نەتەوەکان دواکەوتووترین. بە شێوازی هاوشێوەش، شێوەگرتنی مافەکانی هەموو گرووپە چەوساوەکان لە کۆمەڵگادا، بە گرووپە نەتەوەیی و ئیتنی و جێندەرییەکانیشەوە، پێکهێنەری بنچینەیی سیاسەتی پێشکەوتنخوازە. پێویستە سیاسەتی پێشکەوتنخواز خۆی بۆ ڕزگارکردنی هەموو مرۆڤ بە ژن و پیاوەوە تەرخانبکات، وەك ئەوەی بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی تەرخانیدەکات.

**- ئەی ڕێکخراوە سیاسییەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان چی؟ ئەو ئاڵنگارییە(تەحەدا) سەرەکیانە چین کە ڕووبەڕووی چالاکوانە چەپەکان دەبنەوە. ئەو هەلانەی لەبەردەمیاندایە چین لە پرسەکانی ڕێکخستن و جووڵانەوەدا؟**

* پێموایە پرسی ڕیکخستن پرسێکە لەگەڵ زەمەن و تەکنۆلۆژیادا پەرەدەسێنێت. ئەمڕۆ ناتوانین پارێزگاری لە هەمان ڕێکخستن بکەین کە پێش پەنجا ساڵ هەبوو. وەك هەموومان بینیمان، ئامرازە مۆدێرنەکانی پەیوەندی لە ساڵەکانی ڕابردوودا ڕۆڵێکی میحوەریی لە ڕاپەڕینەکان و جووڵانەوە جەماوەرییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا گێڕا. بەڵام هەروەها ئەم ئەزمونانە سەلماندیشیان کە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای مۆدێرن و بەتایبەتیش ئامرازەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەس نین تاوەکو سەربکەوین. چونکە کەسێك لە سایەی سیستەمێك دا بژێت کە بە سیستەمی دەوڵەتی ناوەندی حوکمبکات، ناتوانێت بە تەنها بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ئەنتەرنێت بەسەریدا سەربکەوێت. تۆ پێویستت بە ڕێکخستنێکی ڕاستەقینە هەیە لەسەر زەوی، بەڵام ناکرێت ئەم ڕێکخستنە لەسەر شێوەی ئەو ئامێرە ناوەندییانە بێت کە لە قۆناغە مێژووییەکانی پێشوو دا باو بوون. ئەو ڕێکخستنانە تایبەت بوون بەو وڵاتانەی کە سیستەمگەلێکی سەرکوتکەر حوکمیاندەکرد، بەڵام لە واقعیدا ناتوانین ڕێکخستنی هاوشێوە لەم ڕۆژگارەدا دروستبکەین، چونکە سیستەم خۆی سودی لە تەکنۆلۆژیای مۆدێرن بینیوە بۆ چاودێریکردنی گەلەکەی. لە سایەی سەرکوتکردن و چاودێریکردنی مۆدێرندا دروستکردنی هەر ڕێکخستنێکی کاریگەر زۆر قورسە، ئا لێرەدایە قورسییەکە دەردەکەوێت. لە وڵاتە سەرکوتکارەکاندا، دەشێت ڕۆڵی ئامرازەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی یەکلاکەرەوە بێت لە چرکەساتەکانی سەرەتادا کاتێك جەماوەر دادەبەزێتە سەر شەقام، واتە لەسەرەتای ڕاپەڕین دا. بەڵام کاتێك ئازادی لە شەقام دا دەسەپێنرێت، ڕێکخستن لە سەر زەوی و بەوپەڕی خێرایی شیاوەوە لە تۆڕی کردارییدا نەك تەنها گریمانەیی(مەجازی)،گرنگییەکی میحوەری بەدەستدەهێنێت. ئەگەر ئەوە بەدەستنەیەت، ئەوا ترسی نسکۆ و تێکشکان زۆرە، وەك ئەوەی لە ئەزموونەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بینیمان.

**- ئەی لەبارەی نەریتە چەپگەراکانەوە ( مارکسیزم یان ئەوانی دیکە) لە پرسەکانی ڕێکخستن و جووڵانەوەکاندا چی؟ دەتوانرێت چی لە لینین یان لۆکسمبۆرگ یان ترۆتسکییەوە فێربین ؟**

* باشە، پێموایە ئەم گفتوگۆیانە زۆرینەیان کۆنن و دەگەڕێنەوە بۆ زەمەنێك کە بەسەرچووە، ئەوانەی کە سوورن لەسەر پشتبەستن بە تێڕوانینی لینین بۆ ڕێکخستن، وەك ئەو بەڵێندەرانە وان کە دەیانەوێت مامەڵەکانیان بەهەمان ئەو شێوازە ڕێکبخەن کە پێش سەدەیەك باو بوو. ئەمڕۆ سەرکەوتوو نابن. ئێمە لە سەردەمێکی جیاواز دا دەژین، تەکنۆلۆژیای مۆدێرن ڕێ بە ڕێکخستنێکی زۆر دیموکراسییتر و زۆر ئاسۆییتر دەدات، کە لەسەر شێوەی تۆڕەکان بێت نەك لەسەر نمونەی هەرەمی ناوەندی. بەڵام، بێگومان پێویستە ڕێکخستن لەگەڵ دۆخی بەرپای هەموو وڵاتێکدا بگونجێت، یەك نمونەی گەردوونی ڕێکخستن بوونی نیە. ئەو تراژیدیایەی دوای شۆڕشی ڕووسی بەدیهات لەوەدا شاراوەتەوە کە بەلشەفییەکان نموونە ڕوسییەکەی خۆیان گشتاند کە لەژێر بارودۆخێکی تایبەتدا دروستکرابوو، [بارودۆخێك] کە لە جەنگان لەگەڵ سیستەمی قەیسەری و پاشانیش لە شەڕی ناوخۆ دا بەرجەستە دەبێت. ویستیان نموونەکەیان بەسەر هەموو جیهان دا بسەپێنن، بەڵام ئەمە سوودی نەبوو. پێویستە ئەو هەلومەرجەی هەند وەربگریت کە دەوری ئەو جەنگەی داوە کە دەچیتە ناویەوە؛ پلەی ئەو ئازادیەش کە لە وڵاتەکەتدا هەیە، سرووشتی ئەو سیستەمە سیاسیەش کە ڕووبەڕووی دەبیتەوە بەهەند وەربگریت. هەموو ئەم شتانە بەشێکە لە کێشەکە، چارەسەرێکی جادوویی بوونی نیە کە لە هەموو شوێنێك باش بێت. لەبەرئەوە، وەکو وتم، ئەگەر تۆ لەژێر سیستەمێکی سەرکوتکەردا دەژیت، [ئەوا] ئامرازە ئەلیکترۆنییەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە زاڵبوون بەسەر ئەو ئاستەنگانەدا کە لە دروستکردنی هەلومەرجە سەرەتاییەکانی جووڵەی جەماوەری و ڕاپەڕینەکان و شۆڕشەکاندا ڕووبەڕووتدەبێتەوە هاوکاریت دەکات. بەڵام، هەر ئەوەندەی هەلێك بۆ ڕێکخستنێکی جیاواز بەشێوەیەکی ئازادتر هەڵدەکەوێت، پێویستە دەستبەجێ هەلەکە بقۆزیتەوە و دەست بە دروستکردنی تۆڕێکی فراوان بکەیت لەو خەڵکانەی پەیوەستن بە ئامانجێکی هاوبەشەوە. لەبەرئەوە، دروستکردنی کۆڕاییەکی گشتی لەنێوان پێشکەوتنخوازەکاندا بەتایبەتیش گەنجە چالاکەکان چونکە زۆرینەی ئەوانەی پەیوەستن بە جەنگەوە لەپێناو ئامانجە پێشکەوتنخوازییەکاندا گەنجەکانن، گرنگییەکی زۆر لەخۆدەگرێت. زۆر گرنگە کۆڕایی لەسەر ئامانجەکان بەدیبێت، واتە پەیماننامەیەکی ئازادبوونی هاوبەش، و لە نزیکترین هەلیشدا دروستکردنی ڕێکخستنێك بۆ ئەم ئامانجانە تێبکۆشێت، لەپێناو گواستنەوە بۆ قۆناغێکی دوورتر.

**- کێشەیەکی تر لەو کێشانەی ڕای جیاوازی لەسەرە لە مێژووی فیکر و ستراتیژی چەپەکاندا، کێشەی هاوپەیمانییەکانە. بۆچوونت چیە لەسەر ئەو هاوپەیمانییانەی کە چەپەکان دەتوانن لە جەنگەکە سیاسییەکەیاندا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروستیبکەن؟ ئایا پێشنیاری ستراتیژیەتی کرێکاری یان پرۆلیتاری پوخت دەکەیت، یان هاوپەیمانییەك چینە جیاوازەکان لەخۆبگرێت؟ بە چاوپۆشین لە چینەکان، ئە گرووپە سیاسی و ئایدۆلۆژییانە کێن کە چەپ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەتوانێت هاوپەیمانێتیان لەگەڵ بکات؟**

* شتەکە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە سرووشتی ئەو کێشانە دەبەستێت کە ڕووبەڕووی دەبیتەوە. ئەگەر تۆ لە وڵاتێك دایت کە تا ئێستاش پێویستی بە ئازادییە سەرەکییەکان و دیموکراسی هەیە، ئەوا تۆ پێویستت بە هاوپەیمانێتیەکی فراوان هەیە، پێویستیشە بتوانیت هاوشێوەی دروستبکەیت، چونکە لەوێدا زۆرێك لە گرووپە سیاسی و کۆمەڵایەتیەیکان هەن کە لە هەوڵدان بۆ ئازادی هاوبەشیت بکەن. بەڵام ئەگەر تۆ لە وڵاتێکی ئازاد دا دەژیت، تیایدا جەنگە سەرەکییەکەت لەپێناو سۆسیالیزمدایە، ئەوا هاوپەیمانییەکەت زۆر بەرتەسکتر دەبێت، واتە

هاوپەیمانی لەنێوان ئەوانەی لە تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی گۆڕانێکی سۆسیالیستی هاوشێوەن، ئەوەش ئامانجێکە نمونەی ئەو کۆڕاییەی لەسەر کۆنابێتەوە کە لەسەر ئازادی و دیموکراسی کۆدەبێتەوە. کەواتە، جارێکی تر، پرەنسیپی گشتی لەم شتانەدا بوونی نیە، ڕەچەتەی گشتی بوونی نیە. لە پرسەکانی ڕێکخستن و تەکتیکەکاندا، پێویستە لەسەر مرۆڤ بەردەوام بگەڕێتەوە بۆ « تەفسیری کۆنکرێتی بۆ بۆ دۆخی کۆنکرێتی» وەك ئەوەی لینین دەیوت. ئەوە باشترین بنەمایە کە پێویستە لەناو کۆی بۆچوونەکانیدا لەم بابەتانەدا پشتي پێ ببەستین.

**- ئاماژەت بۆ پەیوەندیی نێوان دیموکراسیەت و سۆسیالیزم، هەروەها بۆ گرنگیی دیموکراسیەت بۆ سۆسیالیزم کرد. بەڵام دەمەوێت زیاتر ڕاڤەی پەیوەندیی نێوان سۆسیالیزم و دیموکراسیەتم بۆ بکەیت، و بێگومان هی سۆسیالیزم و سێکۆلاریزمیش. ئەگەر پەیوەندییەکی ئەرێنی لەنێوان ئەم سێ چەمکەدا هەیە، ئەوا لەبارەی چ جۆرە دیموکراسیەت و سێکۆلاریزمێکەوە قسەدەکەین؟**

* لە وەڵامدانەوەمدا بۆ پرسیاری یەکەم هەوڵمدا ڕوونیکەمەوە کە چۆن سێکۆلاریزم بەستراوە بە دیموکراسییەوە. ناکرێت دیموکراسی بەبێ بوونی سێکۆلاریزم بوونی هەبێت، بە مانای جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت. پێویستە دین تەنها و تەنها شتێکی پەیوەست بێت بە ئازادیی تاکەکەسییەوە. پێویستە دەوڵەت لەسەر دین بنیاتنەنرێت، هەروەها دەستوەرنەداتە ئیمانی خەڵکی و ژیانی تایبەتییانەوە، ئەمە پرەنسیپێکی بنچینەییە. هەروەها ناشێت دامەزراوە دینییەکان دەستوەربدەنە بەڕێوەبردنی دەوڵەتەوە، و دەوڵەتیش دەستوەرنەداتە بەڕێوەبردنی ئەم دامەزراوانەوە. دەوڵەت لەسەر سەروەریی گەل وەستاوە کە ڕاگری دیموکراسییە. دیموکراسییش مەرجێکی سەرەکییە بۆ هەر سیستەمێك کە بەڕاستی بشێت بە سۆسیالیزم وەسفبکرێت، ئەگەر سەرکەوتنمان بۆی بوێت. هۆکارەکەش ئەوەیە ئەگەر کۆمەڵگا دیموکرات نەبوو، خاوەنداریێتیی گشتیی هۆیەکانی بەرهەمهێنان حەتمەن دەبێتە هۆی درووستکردنی نایەکسانی بەشێوازی جیاواز. لەبری خاوەنداریێتیی تایبەت، نایەکسانیی کۆمەڵایەتی لەسەر ئیمتیازە بیرۆکراسییەکان دادەمەزرێت. کەواتە، لە ئەنجامدا، دیموکراسی پێویستی بە سێکۆلاریزم هەیە، سۆسیالیزمیش پێویستی بە دیموکراسی هەیە[بە لەبەرچاوگرتنی ئەو تێزە کلاسیکەی مارکس و لینین کە دیموکراسی دابەشدەبێت بەسەر دیموکراسیی بۆرژوازی و دیموکراسیی پرۆلیتارییدا].

**- ڕۆڵی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیاڵیزم چیە لە دواکەوتنی ناوچەکەدا؟ چەپی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆن دەتوانێت لەنێوان جەنگ دژی دیکتاتۆری و جەنگ دژی ئیمپریالیزمدا هاوسەنگی ڕابگرێت؟**

* ئەو کێشەیەی ئاماژەت بۆ کرد تەنها ئەو کاتە دەردەکەوێت کە ڕووبەڕووی سیستەمێکی دیکتاتۆر دەبینەوە کە دژی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاواییە. ئەگەر تۆ ڕووبەڕووی دیکتاتۆریەتێك ببیتەوە کە ئیمپریالیزم پشتیوانیی دەکات، ئەوا هیچ کێشەیەك لەئارادا نیە بۆ دژایەتیکردنی هەردووکیان. بۆ نمونە، لەبەرئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مەملەکەتی سعودیە دەپارێزێت، ئەوا کاتێك دژایەتیی سعودیە دەکەیت، تۆ دژایەتیی هەردووکیان دەکەیت، سعودیە و پارێزەرەکەی. بە هەمان لۆژیك، کاتێك تۆ دژایەتیی دیکتاتۆریەت دەکەیت لە ئێرانی سەردەمی شا دا، ئەوا تۆ دژایەتی شا و ئیمپریالیزمی ئەمەریکی دەکەیت؛ بەو سیفەتەی لە پشتیەوە وەستاوە. بەڵام کاتێك ڕووبەڕووی سیستەمێکی دیکتاتۆری دەبیتەوە کە دژایەتی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی دەکات یان پەیوەندیگەلێکی گرژی لەگەڵیدا هەیە، کێشەکە دەردەکەوێت. خاڵی کلیلئاسا لێرەدا ئەم شێوەیەی خوارەوەیە: بەنیسبەت بزووتنەوە جەماوەرییەکانەوە، جەنگ لەپێناو مافە بنچینەییەکانی لەپێشینەی تەواوێتی، ئەم جەنگەش دژی دیکتاتۆریەت بەرپایدەکات. بەڵام، لە هەمان کاتدا پێویستە بەبێ هیچ وەهمێك لەبارەی ئیمپریالیزم و بەبێ پشتبەستن پێی بچێتە جەنگەکەوە. چونکە ئیمپریالیزم ئەگەر ڕووبەڕووی جەنگێکی پێشکەوتنخوازی ڕەسەن

بێتەوە، ئەوا دیکتاتۆری پەسەنددەکات، تەنانەت گەر لەگەڵ بەرژەوەندیەکانیشیدا ڕێکنەکەوێت. بۆ ئیمپریالیزم هەمیشە باشترە لەگەڵ دیکتاتۆریەتدا مامەڵە بکات وەك لە مامەڵە کردن لەگەڵ شۆڕشە پێشکەوتنخوازەکاندا. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ دیکتاتۆرییدا پەسەنددەکەن وەك لە مامەڵەکردن لەگەڵ شۆڕشەکاندا. ساڵی 2011 لەگەڵ دەستپێکردنی ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبیدا، گۆڕانێك بەبێ ڕادیکاڵ بوونی ڕاپەڕینەکان، و بچووککردنەوەی لە ڕووبەرێکی بەرتەسك دا، و پاراستنی دەوڵەتە بەرپاکان هەمی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو. ئەمە بەسەر هەموو ڕاپەڕینەکاندا جێبەجێدەبێت، بە ڕاپەڕینی سوریاشەوە. ڕژێمی سوریا پەیوەندیگەلێکی گرژی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا هەبوو. ڕژێم « بەرهەڵستکاری ئیمپریالیزم» نەبوو، بەڵام پەیوەندیەکانی لەگەل ئەمەریکادا لە گرژیدا بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ویلایەتە یەکگرتووەکان ئارەزووی کەوتنی ڕژێمی نەبوو، ئەگەر بیویستایە ئەوا ڕژێم پێش پێنج ساڵ بە هاوکاری ئەمەریکا دەکەوت. بەڵکو واشتنتۆن پێدانی چەکی بەرگری کە ئۆپۆسزیۆنی سوری پێویستی بوو ڕەتکردەوە، مەبەستم چەکی دژە فڕۆکەیە . ئەوەی کرد چونکە نەیدەویست ڕژێم بکەوێت. تەنها کۆمەڵێك گۆڕانکاریی لەناو ڕژێم دا دەویست، لەگەڵ هێشتنەوەی دەوڵەتەکەدا. ئەوانەی کە بەشداریی ڕاپەڕینی سوریایان کرد وەهمیان ئەوە بوو کە ئەمەریکا لە بەرژەوەندییاندا پشتیانده‌گرێت. بە توندی و بە پەژارەوە بێهیوا بوون.

**- چەندین ساڵ وەک مامۆستای توێژینەوەکانی پەرەپێدان کارتکردووە، بە دڵنیاییەوە چەندین جیاوازی هەیە لە نێوان دەوڵەتانی (مینا - MENA) [دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا، مینا کورتکراوە ئینگلیزیەکەیەتی]، بەڵام لە ڕوانگەیەکی گشتییەوە، چ ستراتیژیەتێکی پەرەپێدان گونجاوا بۆ ئەم وڵاتانە؟ ئەو ئاڵنگاری و کێشە سەرەکییانە چین کە پەرەپێدان لەم وڵاتانە ڕووبەڕووی دەبێتەوە؟ ڕۆڵی حکومەتەکان لەم پەرەپێدانەدا چیە؟**

* هەموو حکومەتەکانی ناوچەکە تێگەیشتنی نیولیبراڵیزم بۆ پەرەپێدان وەردەگرن، هەمووان پێیانوایە کە پێویستە کەرتی تایبەت ڕابەرایەتیی ئابوری بکات. بەڵام ئەم ستراتیژە بەشێوەیەکی شوورەییانە شکستی هێنا لە ناوچەیەکدا کە سەرمایەی تایبەت متمانەی بە داهاتوو نیە، لەبەرئەوەش مەیلی بەلای وەبەرهێنانی درێژمەودادا نیە کە بۆ پەرەپێدانی ڕاستەقینەی بەردەوام پێویستە. سەرمایەی تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆربەی سەرمایەیەکە تێدەکۆشێت بۆ قازانجی خێرا و کێبرکێ، لەو سەرمایەیە ناچێت کە لە سەدەی نۆزدەدا ڕابەرایەتیی بزووتنەوەی بەپیشەسازیکردنی لە ئەوروپادا کرد. ئەو کەسەی پێیوابێت کە دووبارەکردنەوەی ئەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخدا شتێکی شیاوە ئەوا لە وەهمێکی گەورەدا دەژی. لەبەر ئەم هۆکارە، تاکە ڕێگا بۆ پەرەپێدان لە ڕێگای هەڵسانی دەوڵەتەوەیە بە ڕۆڵی تەوەرەیی(میحوەری). کارەکە بەشێوەی تایبەتیش هەر ڕاستە، چونکە ئەم ناوچەیە سەرچاوەگەلێکی نەوتی زەبەلاحی هەیە، سەرچاوەی دەخل بۆ دەوڵەت بەرهەمدەهێنێت، [کە] پێویستە لە پەرەپێدانی درێژ مەودادا بەگەڕبخرێت. ئێستاش ئەوە دەبێتە پرسیار: چ جۆرە پەرەپێدانێک؟ لێرەدا دەگەڕێینەوە بۆ پرسی دیموکراسی. ئەگەر دیموکراسی لە کۆمەڵگادا بوونی نەبێت، لەکاتێکدا دەوڵەت خاوەنی داهاتێکی نەوتیی گەورەبێت، ئەنجامەکە بەهەدەردانێکی گەورەو گەندەڵییەکی زەبەلاح دەبێت، کە بەشێوەیەکی مەزن زیان بە پەرەپێدان دەگەیەنێت.

**-ئایا ڕۆڵی سەرمایەی تایبەت لە پرۆسەی پەرەپێدان لە وڵاتانی (مینا) دا لە سایەی حکومەتی سۆسیالیستیدا پۆزەتیڤ دەبینیت؟ پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و ئەم سەرمایەیە چۆن دەبێت؟ بە شێوەیەکی گشتیتر، پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و سەرمایە و دەوڵەت چۆن دەبێت؟**

* ئەو وانەیەی کە لە ئەزموونەکانی خۆماڵیکردنی پێشوەوە فێری بووین، ئەوەیە کە کۆتاییهێنان بە پرۆژە تایبەتەکان بەشێوەیەکی کرچوکاڵ وەک ئەوەی لە کۆتایی بیستەکان لە یەکێتیی سۆڤیەت ئەنجامدرا هەڵەیەکی ترسناکە. پێویستە پرۆسەی هاوبەشیکردن(التشریک)ی هۆیەکانی بەرهەمهێنان بە پلەپلە بێت، تەنها کاتێک خاوەندارێتیی گشتی کۆنترۆڵ بگرێتە دەست کە بە شێوەیەکی کاریگەر و لەناو هەلومەرجێکی پێدراودا درووست ببێت. پێویستە دەوڵەت ئەو سەرمایەدارانە هانبدات کە دەیانەوێت وەبەرهێنان لە پرۆژەگەلی بەسوود و بەرهەمداردا بکەن، ئەو پرۆژانەی کە کەرتی گشتیی سەرچاوەی مرۆیی و زانیاری نیە بۆ جێبەجێکردنی بەشێوەیەکی چالاک، بەو مەرجەی پەیوەست بن بە دانی باج و یاساکانی کارەوە. لە هەلومەرجێکی لەم شێوەیەدا، پێویستە دەوڵەت گەرەنتیی تەواو بە وەبەرهێنانی تایبەت جا لۆکاڵی بێت یان بیانی بدات بۆ قەرەبووکردنەوەیەکی دادپەروەرانە لە حاڵەتی هاوبەشیکردن لە داهاتوودا. هەرچی پەیوەندیی بە کۆمەڵگاوە هەیە بەشێوەیەکی گشتی، لەڕاستییدا ئەوەش ئەوەیە کە تۆ لەژێر ناوی " کۆمەڵگای مەدەنی" دا ئاماژەت بۆ کرد، پێویستە توانای چاودێریکردنی کەرتی گشتی و دەوڵەتی هەبێت. حکومەتی سۆسیالیستی تەنها کاتێک بەڕاستی(حکومەتی گەل، لەلایەن گەلەوە، لەپێناو گەلیشدا) دەبێت کە "گەل" تەنها لە هەڵبژاردنی نوێنەراندا کورتنەبێتەوە، بەڵکو هاوبەشیکردنی دەستە بنکەییەکانیش لە چاودێریکردنی حکومەتدا لەخۆدەگرێت.

**- لیمانگەڕێ با بگوازینەوە بۆ ڕووداوگەلێک و دیاردەگەلێکی دیاریکراو لە ناوچەکەدا. بە یەکێک لە کۆنترین پرسیارەکان دەستپێدەکەین: کێشەی فەلەستین. ئەو هەڵوێستە چیە کە پێویستە چەپ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەرهەق بە دۆزی فەلەستین بیگرێتەبەر؟ کێشە سەرەکییەکان لە جەنگی نابەرابەری نێوان فەلەستینیەکان و ئیسرائیلیەکاندا چیە؟**

*پێموایە پرسە سەرەکییەکە لێرەدا مافی چارەی خۆنوسینی فەلەستینە. فەلەستینیەکان هەر لە دامەزراندنیەوە لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە دەچەوسێنرێنەوە. هەر لەو ساتەدا، زۆرینەی فەلەستینیەکان لە خاکەکەیان دەرکران و ئاوارەبوون. بەشێک لەوان لەگەڵ بەشێکی تر لە فەلەستینیەکاندا نزیکەی پەنجا ساڵ دەبێت کەوتوونەتە ژێر داگیرکاری، لە ساڵی ١٩٦٧ـەوە. لێرەدا تراژیدیگەلێکی کەڵەکەبوومان هەیە، پێویستیشە هەمووی چارەسەربکرێت. بابەتە سەرەکییەکەش لێرەدا بریتییە لە مافی چارەی خۆنوسینی فەلەستینیەکان؛ واتە توانستی هەڵبژاردنیان لەنێوان گەڕانەوە بۆ ئەو زەویەی خۆیان یان باوکانیان لێی دەرکراون، یان ژیان لە دەوڵەتێکی سەربەخۆدا لەسەر زەوییەکانی ١٩٦٧، یان جێگیربوون لەو وڵاتانەدا کە ئەمڕۆ تێیدا دەژین لەگەڵ بەدەستهێنانی تەواوی مافە سیاسییەکانیان. ئەمە بەسەر وڵاتانی وەک لوبنان و سوریا و ئوردن دا جێبەجێدەبێت کە تێیدا ئاوارە فەلەستینیەکان بەدەست چەوساندنەوە دەناڵێنن. هەروەها ئەمەش بەشێکی سەرەکییە لە دۆزی فەلەستین، چونکە ئەوەی فەلەستینییەکان دەچەوسێنێتەوە تەنها ئیسرایل نیە، بێگومان دەوڵەتی زایۆنیزم چەوسێنەری سەرەکیی فەلەستینییەکانە. ئەمە ڕوونە، بەڵام هێزگەلی تریش هەن مومارەسەی چەوساندنەوە دەکەن، پێویستە ڕووبەڕوویان بێتەوە.

**-پەیوەندیی نێوان خەباتی فەلەستین لەپێناو دیموکراسی و جەنگ لەگەڵ داگیرکەری ئیسرایلیدا چیە؟ ئەو هەڵوێستە چیە کە دەبێت چەپ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەبەرانبەر گروپەکانی بەرگری ئیسلامی وەک حەماس و جیهادی ئیسلامیدا بیگرێتەبەر؟**

* ئەگەر وەک گشتێک سەیری ناوچەکە بکەیت، لە حەفتاکانەوە گۆڕانێک بەدیدەکەیت لەنێوان ئەو سەردەمەدا کە تێیدا ئەو پێکهاتانەی کە ململانێی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و سیستەمە دیکتاتۆرەکانیان دەکرد لایەنگری چەپ بوون، تا ئەو زەمەنەی هێزە ئیسلامییە فەندەمێنتاڵیستەکان تێیدا باڵادەست بوون و هەژموونیان پەیداکرد لە قسەکردن بەناوی ئەم ململانێوە. لە حەفتاکان بەسەرەوە ئەم گۆڕانکارییە بە قەیرانی جیاجیا بەگوێرەی وڵاتەکان ڕوویداوە. لە فەلەستین دا لە کۆتایی هەشتاکان دا حەماس دەرکەوت. پێش ئەوە چەپ وەک هێزێکی ڕادیکاڵ ڕۆڵێکی زۆر گرنگی دەگێڕا. بەڵام حەماس دەستی بەگەشەکردن کرد و چەپیش کەوتە قەیرانەوە، هەروەها چەپی جیهانییش کەوتە قەیرانەوە لەگەڵ ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەتدا، کە وەک بەرجەستەکەری چەپ سەیردەکرا، جا ئەم تێروانینە هەرچەند هەڵەش بووبێت. ئەنجامەکەشی ئەوەبوو بزوتنەوە ئیسلامییە فەندەمێنتاڵیستەکان گەشەیاندەکرد. بەڵام ئەم بزووتنەوانە لە وڵاتە جیاوازەکاندا ڕۆڵی جیاوازی دەگێڕا. لە وڵاتێکی وەک فەلەستین دا، یان تەنانەت لە لوبنانیش (حاڵەتی حیزبوڵا) کاتێک کە بەشێک لە لوبنان داگیرکرابوو، ئەم بزووتنەوانە ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا لە بەرگریکردنی داگیرکەردا. لەم حاڵەتانەدا، ئەگەر تۆ دژی ئێمپریالیزم و زایۆنیزم بیت کە پێویستە هەموو پێشکەوتنخوازێک وابێت، پێویستە لەسەرت پشتی هەر بزووتنەوەیەک بگریت کە دەچێتە ململانێیەکی دادپەروەرانەوە لەگەڵ ئیمپریالیزمدا، بەڵام هەروەها لێرەدا پێویستە ئەوە بەبێ هیچ وەهمێک بکەیت. کاتێک خەبات دژی سیستەمێکی دیکتاتۆری دەکەیت کە بانگەشەی ئەوە دەکات دژی ئیمپریالیزمە، پێویستە بەبێ هیچ وەهمێک لەبارەی ئیمپریالیزمەوە ئەوە بکەیت. ئەگەریش دژی ئیمپریالیزم جەنگایت، پێویستە بەبێ هیچ وەهمێک لەبارەی هێزە ئیسلامییە فەندەمێنتاڵە دیکتاتۆرەکانەوە کە دژی ئیمپریالیزم دەجەنگێت یان بانگەشەی ئەوە دەکات ئەوە بکەیت، چونکە پێویستە لەبیرت بێت ئەم هێزانە بە ئەندازەی ئەوەی دژی ئیمپریالیزمن دژی چەپیشن ئەگەر زیاتریش نەبێت. ئەوان لەڕاستیدا زیاتر دوژمنی دیموکراسیی ڕادیکاڵ و سۆسیالیزم و ئازادبوونی ژنانن وەک لە دوژمنایەتیان بۆ ئیمپریالیزم و زایۆنیزم. پێویستە زۆر ڕەخنەگرانە لەبەرانبەر ئەوانە بوەستیت کە بەرجەستەی دەکەن؛ پێویستیشە جیاوازییە میحوەرییەکان لە نێوان خۆت و ئەوان دا لەبیرنەکەیت.

**- دەتوانین بڵێین ڕێکخستنێک لە بابەتێکدا پێشکەوتنخواز و لە بابەتێکی تردا پاشڤەڕۆیە؟ ئەگەر وەک یەکەیەکی تەواو سەیری ڕێکخستنەکان بکەین، ئەوا ناتوانین ئەم جیاکارییە بکەین. حیزبی تودە لە ئێران لە سەرەتای شۆڕشی ١٩٧٩دا پێڕەوی لە شێوازی ئاماژەبۆکراو کرد و پشتیوانیی لە بازی ئیسلامیەکان کرد(صقار الاسلامیین)، لە ڕاستییشدا لە چەسپاندنی دەسەڵاتی ئیسلامییدا بەشداریی کرد. دەزانم لێرەدا گرفتێک هەیە: لەلایەکەوە ڕێکخستنێکی پاشڤەڕۆی دژەئیمپریالیزم هەیە، لە لایەکی تریشەوە هێزەکانی داگیرکاری زایۆنیزم. بەڵام گرووپە بەرگرییە پێشکەوتنخوازە سیکۆلارەکان چۆن دەتوانن لەسەر حیسابی گرووپە ئیسلامییەکان لە ململانێ لەگەڵ داگیرکەری زایۆنی دا هەژموونیان هەبێت، بەشێوەیەک ڕێکخستنە پێشکەوتنخوازەکان بتوانن لە هەمان کاتدا خەبات دژی داگیرکەر بکەن و ململانێی دیموکراسی و پێشکەوتنیش بکەن دژی ئیسلامییەکان؟**

* لەڕاستییدا ئەوە کرۆکی بابەتەکەیە. ئەو بنەمایانەی کە پێویستە لە جووڵەی هاوبەش لەگەڵ ئەو گرووپانەدا پەیڕەوبکرێت کە لە هیچ شتێک دا هاوبەشی ناکەین تەنها دوژمنێکی هاوبەش نەبێت بنەماگەلێکی زانراون، شۆڕشگێڕێکی ڕووسی پێش سەدەیەک ئەم بنەمایانەی کورتکردووەتەوە، هەمیشە پێمخۆشە باسیبکەم: ١) ڕێکخستنەکان تێکەڵ مەکەن، بە جیا ڕێبکەن و پێکەوە دەستبوەشێنن. ٢) واز لە داواکارییە سیاسیەکانتان مەهێنن. ٣) جیاوازیی بەرژەوەندییەکان مەشارنەوە. ٤) وریای هاوپەیمانەکەتان بن وەک ئەوەی وریای دوژمن

دەبن. ٥) زیاتر گرنگی بە سودوەرگرتن لە هەلومەرجە بدەن کە ململانێکە دەیئافرێنێت وەک لە گرنگیدانتان بە بە هێشتنەوەی هاوپەیمانەکە. ئەگەر ئەم بنەمایانە پەیڕەوکران، ئەوە دەمێنێتەوە کە پێشکەوتنخوازەکان بۆ جەماوەری بسەلمێنن کە ئەوان لە فەندەمێنتاڵیستەکان زیاتر پەیوەستن بە خەبات دژی دوژمنی هاوبەشەوە، بەڵام ئەوان بە پێچەوانەی فەندەمێنتاڵیستەکان و هەندێک جار لە ڕووی ئەوانیشدا بە پێداگرییەوە بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی کرێکاران و ژنان و هەموو چەوساوەکان دەکەن.

**- دواتر لە پرسیاری داهاتوو دەگەڕێمەوە بۆ ئیسلامیزم و ئیسلامی سیاسی، بەڵام پێش ئەوە دەمەوێت پرسیار لەبارەی ئەوە بکەم پێیدەڵێن " بەهاری عەرەبی". چۆن پەیدابوونی ئەم ڕووداوانە ڕاڤەدەکەیت؟ ڕۆڵی چەپ لەوەدا کە ناونراوە " بەهاری عەرەبی" چیە؟ ئەگەر پەرژاندمان(قبوڵمانکرد) کە " بەهاری عەرەبی" شکستی هێناوە لانیکەم بەشێوەیەکی کاتی، جا لەلایەن دیکتاتۆرەکانەوە بێت یان پارتە ئیسلامییە پاشڤەڕۆکان، ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان بۆ داهاتوو چیە؟**

* یەکەم؛ من ناوی نانێم " بەهاری عەرەبی" ، بیرۆکەی پشت ئەم ناونانە ئەوەبوو کە ئەم "بەهار"ـە ماوەیەکی کورتخایەنە، دواتر شتێکی هاوشێوەی شۆڕشەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات بەخۆوە دەبینێت کە هەموو شت لە چەند مانگێکی کەم دا قڵپبووەوە. من هەرگیز باوەڕم بەمە نەبووە، چونکە من دەزانم کەوتنی ڕژێمە عەرەبییەکان چەند قورسە، زۆر زۆر قورسترە لەو دۆخەی کە لە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا باڵادەست بوو، چونکە ئەم ڕژێمانە [عەرەبییەکان] ئامادەن ملیۆنان مرۆڤ بکوژن تاوەکو لە دەسەڵات بمێننەوە. کەواتە دۆخەکە زۆر قورسترە، لەبەرئەوەش زاراوەی "ڕاپەڕین"م بەکارهێنا لەبری " بەهار" ، هەر لەسەرەتاشەوە ڕووداوەکانم بەوە وەسفکرد کە پرۆسەیەکی شۆڕشگێری دوور مەودان. ئەوەی ساڵی ٢٠١١ لەو وڵاتانەدا کە بە عەرەبی قسەدەکەن دەستپێیکردووە، پرۆسێسێکی درێژمەودایە چەندین ساڵ بەڵکو چەند دەیەیەک دەخایەنێت. ئەوە[ڕاپەڕینەکە] پرۆسێسێکی شۆڕشگێری مێژوویی درێژە، سەرکەوتن و تێکشکانیش و قۆناغ گەلێک لە شۆڕش و دژە شۆڕش بەخۆوە دەبینێت، بۆ ماوەیەکی درێژ سەقامگیرییەکی بەردەوام نابینین. لەڕاستییدا، مادام کێشە سەرەکییەکان، ئەو کێشە ئابوری و کۆمەڵایەتییانەن کە بوونەهۆی تەقینەوە چارەسەرنەکراون، ناوچەکە سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێت. لە سەرەتادا وەهمی زۆر هەبوون، خۆم پاراست لە زیادەڕەویکردن لە گەشبینییدا؛ چونکە قورسیی کارەکەم دەزانی و پێشبینیی کاردانەوەی دژەشۆڕشم دەکرد. لە واقیع دا، شەپۆلی شۆڕشگێڕیی یەکەممان بینی کە بۆ ماوەی دووساڵ بەردەوام بوو، پاش ئەوە کاردانەوەی پێچەوانە هات. لە ٢٠١٣ـەوە ناوچەکە چووەتە قۆناغی دژەشۆڕشەوە و تا ئێستاش تێیدایە. لە ماوەیەی قۆناغی شۆڕشگێڕیی یەکەمدا هێزە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان لە وڵاتە عەرەبییەکاندا لە گرتنەدەستی سەرکردایەتییدا بەشێوەیەکی جێگیر شکستیانهێنا. لە دروستکردنی هێزێکی پێشکەوتنخوازی سەربەخۆ شکستیانهێنا. لە بنچینەدا ئەوەی کردیان گۆڕینی هاوپەیمانەکانیان بوو: جارێک لەگەڵ ڕژێمە کۆنەکان دا هاوپەیمانییان کرد، جارێکیش لەگەڵ ئیسلامییە فەندەمێنتاڵیستەکاندا؛ لەگەڵ ئیسلامییە فەندەمێنتاڵیستەکاندا دژی ڕژێمە کۆنەکان هاوپەیمانییان ئەنجامدا، پاشان لەگەڵ ڕژێمە کۆنەکاندا دژی دژی فەندەمێنتاڵیستە ئیسلامییەکان، کاتێک کە ئەوان هەژموونیان پەیداکرد. ئەم یارییە بەگشتی شکستی هێنا. ئەنجامەکەشی چەپ پەراوێزخرا، سەرەڕای ئەوەی لەسەرەتای ڕاپەڕینەکاندا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا. ئەوەی ئەمڕۆ باڵادەستە پێکدادانی شۆڕش و دژەشۆڕش نیە، بەڵکو لەنێوان دوو شێوەی دژەشۆڕشدایە، دوو هێزی دژەشۆڕش هەیە: ڕژێمە کۆنەکان و ئیسلامییە فەندەمێنتاڵیستەکان. ئەم هێزانە لە سوریا و لیبیا و یەمەن بەشێوەیەکی سەربازییانە دەجەنگن، لە وڵاتانی تری وەک میسریش دا سیاسییانە. دۆخەکە تراژیدییە، بەڵام حەکایەتەکە لێرەدا کۆتایی نایەت، چونکە وەک وتم ناوچەکە سەقامگیر

نابێت مادام کێشە سەرەکییەکان چارەسەرنەکراون. کێشە ڕاستەقینەکانیش لەبری ئەوەی چارەسەربکرێن زۆر خراپتر بوونە، چونکە خودی دۆخەکە کێشەگەلێکی ئابوریی گەورەتر دەئافرێنێت کە دەبێتە هۆی گرژیی کۆمەڵایەتیی زیاتر. لەبەرئەوە، پرۆسە شۆڕشگێڕییەکان بەردەوام دەبێت، ڕاپەڕینی تر دەبینین وەک ئەوەی بەم دواییە لە تونس بینیمان کاتێک کە ڕاپەڕینێکی لۆکاڵی هەڵگیرسا لەبارەی مەسەلەی بێکارییەوە. ئەمە ئاماژەیەکە بۆ دواتر. ڕاپەڕینی زیاتر و تەقینەوەی کۆمەڵایەتیی زیاتر دەبینین، دۆخەکەش بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت. پرسی گرنگ بۆ داهاتوو بریتییە لە توانا و ناتوانایی هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە خۆڕێکخستنەوە وەک هێزێکی سەربەخۆ کە توانای سەرکردایەتیکردنی وڵاتەکەی هەبێت بەرەو گۆڕانکارییەکی پێشکەوتنخوازی ڕاستەقینە. ئەگەر ئەمە بەدینەیەت، ئەوا داهاتووی ناوچەکە زۆر تاریکتردەبێت، بەڕاستییش ترسناکە. کاتێک بیر لەو هیوا گەورانە دەکەیتەوە کە لە ساڵی ٢٠١١ سەروەربوون، پاشان دەڕوانیتە دۆخی ئەمڕۆ، جیاوازییەکی مەزن بەدیدەکەیت. بەڵام ئەم گۆڕانکارییە لە پێنج ساڵدا ڕوویدا، پاش پێنج ساڵی تر لەوانەیە دۆخەکە بە تەواوی جارێکی تر بگۆڕێت. پێویستە جارێکی تر بیربیهێنینەوە، شتێکی چارەنووسسازە کە هێزە پێشکەوتنخوازەکان ئەڵتەرناتیڤێکی پێشکەوتنخواز بۆ هەردوو دژە شۆڕشەکە باڵادەستەکەی ناوچەک تەبەنیبکەن.

**- لەکۆتاییدا دوو پرسیار لەبارەی ئێرانەوە، یەکەم لەبارەی شۆڕشەکەی ١٩٧٩ـەوە. تۆ سەر بەو تەوژمە مارکسییەیت کە بەتوندی ڕەخنەی ئیسلامی سیاسی و دەرکەوتەکانی وەک شۆڕشی ١٩٧٩ دەکەیت. توخمە سەرەکییەکانی ڕەخنەگرتنت لە ئیسلامی سیاسی و بەتایبەتیش شۆڕشی ١٩٧٩ چیە؟ چۆن ئەم دیاردانە شیدەکەیتەوە؟**

* لەسەرەتادا، جۆری جیاواز لە مارکسیزم هەیە. مارکسیزم نزیکبوونەوەیەکی میتۆدیی گشتی و تێڕوانینێکی گشتییە بۆ مێژوو، بەڵام بەکارهێنانی زۆر جیاوازی هەیە. دەشێت ئەوانەی کە بەخۆیان دەڵێن "مارکسی" چەندین تێڕوانینی جیاوازیان هەبێت لەبارەی یەک بابەتەوە. بە باشی بیرمە کە لە ساڵی ١٩٧٩دا گفتوگۆی نێوان مارکسییەکان توند بوو. زۆرینەیان شۆڕشی ئێرانیان وەک شۆڕشێکی پێشکەوتنخواز دەبینی، باوەڕیانوابوو کە شۆڕشی ئێرانی وەک شۆڕشەکانی تر، جۆرێکە لە شۆڕشی نیشتیمانی-دیموکراسی. لەو کاتەدا سووربووم لەسەر ئەوەی کە ئەوانەی ئەمە دەڵێن تێناگەن لە ڕۆڵی فەندەمێنتاڵیزمی ئیسلامی لە شۆڕشی ئێراندا. ڕاستە کە شۆڕشی ئێرانی لەسەر زەمینەیەکی نیشتیمانی-دیموکراسی دەستیپێکرد، بەڵام بەهۆی لاوازی چەپەوە، سەرکردایەتییەکی ئیسلامی دەستی بەسەر شۆڕش دا گرت. ئەم سەرکردایەتییە لەسەر زەمینە نیشتیمانی-دیموکراسی شۆڕشەکە وەستا و پاشان بەڕێگەیەکی تەواو جیاواز دا بردی. لە بری ڕۆیشتن بە ئاقاری نیشیمانی-دیموکراسییدا، بە ئاقارێکی پاشڤەڕۆدا ڕۆیشت کە تێڕوانینی فەندەمێنتاڵیزمی وەرگرتبوو. ئەمە بووە هۆی هەموو ئەو تێکەڵکردنەکان لەبارەی شۆڕشێکە کە شای ڕووخاند و بەتوندی دژی ڕۆژئاوا بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا لە ئاراستە کۆمەڵایەتییەکانیدا کە پەیوەستە بە ژنان و چەپ و ئازادییە سیاسیی و کەلتوریەکان و...هتدەوە زۆر پاشڤەڕۆیە. تەنانەت ئەگەر ئیسلامی فەندەمێنتاڵ توانی ڕۆڵێک کە وادیارە پێشکەوتنێکی بابەتیە لە جەنگی دژ بە زایۆنیزم و ئیمپریالیزم و سیستەمێکی دیکتاتۆری وەک سیستەمی شادا بگرێتەئەستۆ، ئەمە سرووشتە پاشڤەڕۆ بنچینەییەکەی ناگۆڕێت. هەموو فەندەمێنتاڵیستە ئایینیەکان، جا ئیسلامی یان کریستیانی یان یەهودی یان هندۆس یان شوێنکەوتەی هەر ئایینێکی تر بێت، ئەوان بە پێناسە و بە جەوهەر پاشڤەڕۆن. جەوهەری فەندەمێنتاڵیزم بریتییە لە ویستی سەپاندنی دین بەسەر کۆمەڵگا، و دامەزراندنی دەوڵەتی دینی. هەر دینێک بێت، فەندەمێنتاڵیزمی پاشڤەڕۆ دژی دیموکراسییە و چەوسێنەرە.

سەرچاوە:
https://www.aljumhuriya.net/ar/34977